# خۆڵ مەکەنە چاوی خەڵکەوە، ئێوەش بەشدارن لەو تاوانە..
# وەرن داوای لێبوردن لە خەڵکی هەڵەبجە بکەن!

**ئاسۆ بیارەیی سوێد**
assobyari@yahoo.com
2007-3-17

**پێویستە ینک، پدک، حسک و ئیسلامیەکان و  و هەموو ئەو هێزانەی کە لە تاوانی گرتنی و کیمیابارانی شاری هەڵەبجەدا بەشدار بوون،  داوای لێبوردن لە خەڵکی شاری هەڵەبجە بەتایبەتی و لە خەڵکی کورستان بە گشتی بکەن، چونکە هێزەکانی ئەوان بوون  پێش پاسداری فارس کەوتن و دانیشتوانی شاری هەڵەبجەیان تووشی گەورەترین کارەساتی مێژوویی کرد. ئەو هێزانەبوون کە شەرەف و ناموسی خەڵکی ناوچەکەیان دا بە دەست دواکەوتووترین و دڕندەترن هێزی ناوچەوە..چونکە ئەو هێزانەبوون کە ڕێگەی هەڵهاتنیان لە خەڵک گرت و سوپای فاشستی عەرەبی بەغدا بە گازی ژەهراوی بۆردومانی کردن. چونکە ئەو هێزانە بوون کە شاریان تاڵان کرد.**

**ئەوان  ( ینک، پدک، حسک و ئیسلامیەکان، مجلسي اعلی) دەبێت بە ئاشکرا داوای لێبووردن لە خەڵکی شاری هەڵەبجە لە سەر:**

1. **لە سەر بەشداربوونیان لە گەڵ سوپای پاسداران ئیرانی**
2. **لە سەر تاڵانکردنی سامانی  ئابوری خەڵک لە کاتی بۆمبابارانی کیمیاویدا..**
3. **لە سەر بڕینی دەستی کچان و.....**
4. **لە سەر ئەوەی کە ئەوان چەندان ساڵە شاری هەڵەبجە وەکو سەرچاوەی سواڵ بە کاردەهێنن و شاریش بێبەریە لە هەموو خزمەت گوزارییەک.**
5. **هەڵکردنی ئالای عروبەی ئەنفال لە سەر مەزاری شەهیدان..**
6. **بە عەرەبی خوێندن و درێژەدان بە عیراقیەتی ئەو شارە..**
7. **قەرەبوو نەکردنەوەی قوربانیان و گۆی نەدان پێیان..**
8. **نەبوونی پلانێک کە بەرژەوەندی خەڵکی سیڤیل بپارێزێت**
9. **کردنی خەڵکی سڤیل بە ستومەنی شەڕ بەو پەڕی ئاگاوە**

**هەروەها دەبێت پەیمان بدەن بە خەڵکی ئەو شارە(هەڵەبجە) و گەلی کوردستان بە گشتی کە جارێکی تر پێش سوپای داگیرکەرانی کوردستان نەکەون بۆ وێران کردنی کوردستان. دەبێت ئەمە بکرێت بە بڕیارێکی گرنگ کە تا هیچ لایەنێک یان هێزێکی کوردی ئەو هەڵە مێژوویە دووبارە نەکاتەوە. لابردنی ئەو بەرپرس و تاوانبارانەی کە تاوانیان ئەنجام دا و دادگایی کردنیان..**

**ئەگەر ئەو هەنگاوەش نەنێن( داوای لێبوردن لە خەڵکی هەڵەبجە نەکەن) لە مەودوا و بە زمانە سەرەکییەکان ئەو لایەنە و ناوبراوانە لە سەر هەڵە و گەندەڵیەکانیان لەهەموو کۆڕ و کۆمەڵێک ڕیسوا دەکرێن و لایەنی جیهانیان لێ ئاگادار دەکرێتەوە..**